

# کارەبا و هەڵبژاردن

ئاسۆ

لەدوای جەنگی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە کێشەی کارەبا سەریهەڵدا کوردستانیش وەك بەشێك لەعێراق بەدەرنەبوو لەم گرفتە لەدوای راپەڕین لەساڵی 1991 کەدەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لەکوردستان نەما کورد خۆی حوکمڕانی کەوتە دەست هەموو ئومێدمان هەبوو کەگرفتی کارەبا چارەسەر بێت. بەڵام ئەم ئومێدەمان وەك خەوێکی بەدی نەهاتوی لێ هاتوە وە خەڵکی بێ ئومێد بوون کەحکومەت بتوانێت چارەسەری ئەم گرفتە بکات هەر کەوەرزی ساردوو سەرما هات شارەکانی کوردستان وەك سلێمانی و هەولێرو دهۆك یەك سەدە دەگەڕێنە دواوەو لەشارەوە دەگۆڕێن بۆ لادێی گەورە وە خەڵکی کۆمپیتەرەکانیان دادەپۆشن و رودەکەنە چراو شەوانی بێکارەبا بەزەمکردنی کاربەدەستان دەبرێتە سەر، لەنێو ماڵەکاندا بەرپرسەکان و حکومەت دەدرێتە بەرتانەو تەشەر، کاربەدەستانی حکومەتیش هەوڵیانداوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە وە چارەسەری کاتیشیان هەبووە وەك داواکردن لەهاوڵاتیان کەدەست بەکارەباوە بگرن جگە لەوەش دابین کردنی کارەبای 24 کاتژمێری بەردەوام بۆ خۆیان هەتائێستا ئەم دوو رێگایە هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا هاوڵاتیەك وتی کارەبا بەزیندوەکان نادەن بەڵکو کارەبا لێرە بۆ مردوەکانە من لەقسەی ئەم هاوڵاتیە نەگەیشتم بۆیە لای خۆمەوە وتم ئەمەش بەشێکە لەو زەمەی حکومەت کە خەڵکی شەوانی خۆیانی پێوە بەسەر دەبەن ماوەیەك پێش ئێستا کارەبا تاڕادەیەك بەپێی پێویست دەدرا بەهاوڵاتیان زۆربەی خەڵکی لەسەر ئەو رایە بون کەباشبونی کارەبا پەیوەندی بەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەوەیە.

سابیر سدیق کەکاسبێکە وتی خۆزگە هەموو رۆژێك هەڵبژاردن بکرایە بۆئەوەی کارەبا خراپ نەبێتەوە هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا وای راگەیاند کەباشبونی کارەبا لەهەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتە وە هێنانی کارەبای دوبزە بەڵام زۆری نەبرد کێشەکە سەری هەڵدایەوەو کارەبا وەك خۆی لێهاتەوە رای هاوڵاتیانیش ئەوەیە کەپێکهێنانی لیستی هاوبەش لەنێوان دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان پارتی و یەکێتی کارەبا بڕان و تاریکی لێکەوتەوە جگە لەوەش خەڵکی پێیان وایە لیستی هاوبەش لەبەرژەوەندی خەڵکدا نییە لەبەرئەوەی کەدوو پارتە دەسەڵات دارەکەی کوردستان لەترسی بەدەست نەهێنانی دەنگ بەهەموو شێوەیەك دەیان ویست خزمەتی خەڵك بکەن بۆئەوەی دەنگ بەدەست بهێنن هاوڵاتی رێحان خان کەژنی ماڵەوەیەو لەگەڕەکێکی هەژارنشینی سلێمانیە وتی کاکە بەخوا یەکگرتنی حیزبەکان خراپە یەك نەگرتنیان باشتربوو لەبەرئەوەی کەمۆلیدەو پارەو تەنانەت مەکسیشیان بۆ خەڵك دەکرێ هاوڵاتیەکی‌تر وتی پێش لیستی هاوبەش هەردوولا بانگیان دەکردین و پارەیان پێ ئەدایین بەڵام لەوەتەی لیستی هاوبەش دروست کراوە کەس حساب بۆ جەماوەر ناکەن و کەرێکەوتیشن کارەبا نەما.

بەڵێ خەڵکی ئومێدی بەچارەسەرکردنی کێشەی کارەبا نەماوە کاربەدەستانیش تائێستا نەیان توانیوە گرفتەکانی هاوڵاتیان چارەسەر بکەن، بڕواتان هەبێت منیش لەبەر چرا ئەم راپۆرتە دەنوسم.